# نامەیەك بۆ دایكم

*شیعری: سێرگی یەسەنین*

و/ لە عارەبییەوە: دلاوەر قەرەداغی

هێشتا زیندوویت پیرێژنەکەم؟
منیش زیندووم
سڵاو .... سڵاو
دەبا رەنگی ئێوارانێ
کە ناتوانرێ ئەفسوونەکەی وەسف بکرێ
بەسەر خانووە تەختەییەکەتا دابارێ

بۆم دەنووسیت:
دڵت لامە ... بۆم پەرۆشیت
زۆر جارانیش
سەڵتە دڕاوو کۆنەکەت دەپۆشیت و
بەسەر خۆڵی رێگەکەدا
دێیت و دەچیت!

لە بوولێڵەی کۆتایی ڕۆژێکی شیندا
تەنها شتێ لێکدا لێکدا
بە بێوچان لەبەر چاوتە
کەسێ لە مەیخانەیەکدا
نەشتەرە فنلەندییەکەی
ڕۆبردووە بە سینەمدا

دایکە تشتی وەها نییە
ئەوە واهیمەو خەیاڵی
خەو زڕان و ماندوویییە
من ئەو بەدمەستە ونە نیم
بمرم بەرلەوەی نەتبینم!

دەی کەواتە چاوەڕێمکە
تا ئەو کاتەی پەلك و لقی باخچەکەمان
لە بەهارا
دەبێتە ڕەشماڵێك سپیی
بەڵام دایکە
نەکەیت هەروەك جاری جاران
هەشت سەعات بەرلەوەی
ڕۆژبێتەوە

لەخەو خەبەرم کەیتەوە!

بۆم مەپاڕێوە بێسوودە
گەڕانەوە بۆ رابردوو
نابێ ... ناکرێ
بەتەنها تۆ
هاناو دڵنیایی منیت
دایکە تۆ ئەو رووناکییەی
کە ناتوانرێ
ئەفسونەکەی وەسف بکرێ

دەی کەواتە
واز لەو دڵەڕاوکێیە بهێنە
خەم داتنەگرێ
خەفەت مەخۆ
دایکە ئیدی بۆ لەمەولا
سەڵتە دڕاوو کۆنەکەت لەبەر مەکەو
بەسەر خۆڵی رێگەکەدا
مەیەو مەچۆ!

***